# هێندێك لە ڕووناكبیرانی دێرینی شاری كەركووك

**سیروان كاروانی**

ئەز ئەحمەدی دەریای جەیحوون　　چەندێ گەرام بە دووناى دوون
لە گشت لاوە هەڵساوە خوون　　لە سیاوەخشۆ كرام گولگوون
پیرئەحمەدی كەركووكی (سەدەی پێنجەم)

لە سەدەكانی ڕابووردوودا، زۆر كەسایەتیی ئایینی، سیاسەتمەدار، ویـژەوان، هەسـتیار و ڕۆشـنبیری تـر لـە شاری كەركووك و دەوروبەرەكـەی هەڵـكەوتوون و لـە مێـژووی كولتـوور و ئـەدەبی پـڕ سـەروەری كوردیـدا شوێندەستیان دیارە. ئەو خەڵكانە نەوەی كورد و بەرهەمی خاكی كوردن.

لە مێژوویەكی زۆر كۆندا، بیری نەتەوەیی لە شێوەی تایەفەگەری و خێڵچیاتی و ناوچـەچێتی و... هتـد بـووە و لەو ڕێگایەوە گەشەی كردووە، زۆر لقی لێ بووەتەوە و، هەر لەو ئەنجامەشدا بۆچوون و لێكدانەوەی جیـاوازی بەخۆوە هەڵگرتووە. هەر وەک ئاشكرایە، بیری نەتەوەیی لە زۆر حاڵەتدا:

- مەشخەڵی ئازادی و سەرفرازیی كۆمەڵەخەڵـكێك بـووە، واتـە بەیـداخی بـوون و سـیمای پێكەوەهەڵـكردنی كۆمەڵێك مرۆڤی لە نەریت و زمان و كولتووردا هاوشێوە و یەكسان.

لە زۆر حاڵەتیشدا:

- هەر بیرە نەتەوەییەكەیە كە بووەتە هۆی تێكداشكانی بیر و بۆچون و هەستی كۆمەڵێک خەڵـكی هاوڕەگـەز و تێكدانی ڕیزەكانیان و كەوتنەوەی ئاكاری ڕەگەزپەرستییانە و...هتد.

ئەمانەش دەكرێ هۆیەكەی زۆر بە ئاشكرا، بەهەڵە وانەكردن و تێڕوانینی بـیری نەتـەوەیی بێـت، كـە دەبێتـە مایەی دوولەت بوونی ڕیزەكانی نەتەوە و لە ئەنجامیشدا، كەوتنەوەی هزری ڕەگەزپەرستی كە زیان بە كۆمـەڵ و سەرجەم مرۆڤایەتی دەگەیەنێ. لە ناو هەموو نەتەوەیەكدا، چ نەتەوەی سەردەست و چ نەتـەوەی ژێردەسـت، چ سیستەمی دیمۆكراتی پێشكەوتنخوازی و چ سیستەمی شۆڤینیستی كۆنباوەڕ و هەریەک لـەوانی تـردا، بـیری نەتەوەیی بە زەقی بە شێوەیەک لە شێوەكان دەردەكەوێ، لێرەدا تەنها پەیوەندیی بەوەوە هەیـە كـە تـا پلـەی چەند؟

لە دەوروبەری كەركووک-دا، هەر لە مێژەوە، كۆمەڵێک ڕووناكبیری تێدا هەڵكەوتووە كە سەرەڕای ئەو سەردەمە كۆن و لێكدابڕانەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتیی ئەوسا، بە ڕوونی دەردەكەوێ كە ئەو مرۆڤانە هەسـتیان بـە بـوون و كۆمەڵگاكەیان كردووە، هەر نەبێ بە زوبانی زگماک دواون و بێگەرد هێشتوویانەتەوە.

سەبارەت بە سەرهەڵدان و پەیدابوونی وێژە لە پاش توانینی ئاخافتنی مرۆڤەكان و بە تایبەتی لە كوردەواریـدا، ڕێكخستن (هۆنینەوە)ی هۆنراوە مێژوویەكی زۆر كۆنی هەیە، بەڵام نووسینەوەی ئێجگار كـۆن نییـە. چـیرۆک و ئەفسانەكانیش زۆر كۆنن، بەڵام نووسینەوەیان نوێیە.

ئەگەرچی مێژووی داهێنانی چیرۆک و هێنانەكایەوەی لە دیرۆكـی نووسـینی كوردیـدا هێنـدە كـۆن نییـە و بـە پێچەوانەوەی هۆنراوە كە بۆ مێژوویەكی زۆر كۆن دەگەڕێتەوە، ئەمیان ڕوونتر دیار دەكرێ، بەڵام هەموو بۆ یەک سەرچاوە و داهێنان دەگەڕێنەوە. هەموو هەوڵێكی گەورە سەرەتایەكی بچووكی هەیە، لێـرەش گرنـگ ئەوەیـە، ئەو توێژانە لەژێر پەردەی ئایینی بێ یاخود هەر بۆچوون و ڕەوتـارێكی تـردا بـێ، گـەورەترین خزمـەتیان بـە

کۆمەڵگا و هەروەها توێژە ڕۆشنبیرەکانی دوای خۆیان کردووە و لـە هۆشـیارکردنەوە و پێگەیانـدنی نـەوەکانی داهاتوویاندا ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە.

کورد لە مێژووی ژیان و ئەدەبیدا، دوو زیانی گەورەی لێکەوتووە کـە زۆر بـە زەقـی لـە پاشـکەوتن و وەکـوو پێویست گەشەنەکردنی کولتووری کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە مێژووەکەی زیـاتر خەڵـکانی بیانی نووسیویانەتەوە و لەو نووسینەوانەشدا بۆچوونی کەسایەتی و لایەنی هـزری بەدەردەکـەوێ و هێنـدێک جار زاڵیش بوونە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەو هەوڵی نووسینەوانە مایەی خزمەتێکی گەورەن بۆ سەر ژیان و بوونی کورد لە جیهاندا و هەروەها ئەمڕۆ بوونە بە سامانێک بۆ نەتەوەی کـورد، ئـەوی تریـشیان ئەوەیـە کـە وێژەی کوردی لەو سەردەمەدا، بە پلەی یەکەم لە لایەن مەلا و فەقێکانەوە سەری هەڵـداوە و دەسـتبەکار بـووە و گەشەی پێدراوە. ئەمیش هەر بەو شـێوەیە لایەنـە هزرییەکـەی بەتـەواوی تێـدا دەردەکـەوێ کـە بیروبـاوەڕی ئاینییەکەیە. لە زۆرینەی هۆنراوەکاندا، پیاهەڵدانە ئاینییەکە زاڵـە و ئـەمیش وایکـردووە، کـە لـە هێنـدێک شوێندا زیاتر لە شێوەی تەلیلە بچن.

کارەساتێک کە لەو سەردەمەدا ڕەنگدانەوەی خراپی بووە، زۆر لەو ڕۆشنبیرانە بە یـەکێک لـە زوبانـەکانی تـر "فارسی، عەرەبی و تورکی و..." جگە لە زوبانی کوردی بەرهەم و بۆچوونەکانیان و پەیامەکانیان بـە دەوروبـەر گەیاندووە، دیارە ئەمەشیان هۆکاری تایبەتیی خۆی هەبووە. هـەر ئەوەشـە وایکـردووە، کـە هێنـدێک لـەوان تەنانەت بە زوبانی کوردی بەرهەمیان نەبێ و لە هێندێک شوێنیشدا خاوەنزوبانەکانی تر ئـەو ڕۆشـنبیرانە بـە سامانی خۆیان بزانن.
زۆر ڕاستی هەنە کە لای بەشێکی گەورەی خەڵک شـاراوەن یـاخود جێگـای دوودڵـی و سەرسـوڕمانن، نموونـە: سوڵتان سەلاحەددینی ئەییوبی: ئەم کوردە قارەمانە ناسراوە کە پیاوێکی ئایینپەروەری گەورە بووە و بۆ ئـایینی ئیسلام زۆر خزمەتی گەورەیی نواندووە, ئەم پیاوە ناسراوە بـەوەی کـە کـورد بـووە، بـەڵام نـەک بـەوەی کـە لەدایکبووی شاری کەرکووک-ە، واتە خەڵکانێکی کەم ئەو ڕاستییەیان پێیە کە ئەو مرۆڤە لەدایکبووی کەرکووک-ە (مێژووی کورد و کوردستان ل75, مەردۆخ).
ئەو هۆکارانە، ئەوەمان پێـشان دەدەن، کـە ناسـاندن یـاخود وەبیرهێنانـەوەی ئـەو خەڵـکە ڕووناکبیرانـە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمـەکانیان ئـەرکێکی پێویـست و مرۆڤـایەتییە. لێـرەدا هێنـدێک لـەو ڕۆشـنبیرە بـەرز و هەڵکەوتووانەی دەڤەری کەرکووک کە لە سەدە سەرەتاییەکاندا ژیاون، دەهێنینە بەر باس:

(1)

**پیرئەحمەدی کەرکووکی (سەدەی پێنجەم):**

یەکێک لەو هەستیارانەی ئەو سەردەم بووە، کە لە تافی لاوێتییدا توانیویە خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتـەوە و هەر بەو هۆنراوانەی زادەی بیر و هۆشـی خـۆی بوونـە، کـۆڕ و گردبوونـەوەکانی ڕازاندۆتـەوە و ئاوازەکـانی شەوچەرەی دانیشتنەکان بوونە. ئەو هۆنراوانەی پیرئەحمەد دەریبڕیون، هێندە پاراو و لەجێن و لە ڕووی کـێش و سەرواوە پڕ و پوختن کە زۆر بە سانایی هەستی بیسەر و هۆنراوەدۆست دەبزوێنن و بە هۆشی خەڵکدا ڕۆدەچنە خوارەوە:

ئەز ئەحمەدی زێڕین بەرم ئەز ئەو دوڕەی ناو گەوهەرم

ئەرز و سەمایە لەنگەرم لە ڕۆژ حەساو ئەز لە دەرم
ئەز ئەحمەدم بارم گێلان تاوانم داوە بە خێلان
جەژنم داناوە لە کەیان لە ڕۆژ حەساو ئەدەم بەیان
ئەز ئەحمەدی ناو بچووکم هەم نەو زاوا و هەم نەو بووکم
زەڕینەڵەی دەستە لووکم ڕۆژی حەساو ئەز دە کووکم
ئەز ئەحمەدی بێ منالم هەم نەو زاوا و هەم نەومالم
زەڕینەڵەی ناو دەستمالم ڕۆژی حەساو ئەز دە نالم
ئەز ئەحمەدی دەریای جەیحوون چەندێ گەڕام بە دووناى دوون
لە گشت لاوە هەڵساوە خوون لە سیاوەخشۆ کرام گولگوون
ئەز ئەحمەدی ئاو تەشارم لە ناوی دوڕ گەوهەر بارم
لە هەفتەمین ناوی یارم ڕۆژی حەساو ئەز دیارم

یەکێک لە خاسیەتەکانی پیرئەحمەد کە توانیویە لەو سەردەمەی دابڕانی نێوان هەرێمەکاندا ڕوونتر دەرکەوێ و یان زیاتر وەکوو سەرهەڵدانێکی هونەری بناسرێ، ئارەزووەکانی خۆی بووە سەبارەت بە دەربڕین و پێشاندانی بیری هونەریی لەناو خەڵکدا.

پیرئەحمەدی کەرکووکی ناوی "ئەحمەد کوڕی نەسەی کەرکوکی"یە بەپێی نووسینی مامۆستا سدیق بۆرەکەیی کە سوودی لە کتێبی سەرئەنجام وەرگرتووە، لە سەدەی پێنجەمدا چاوی بە ژیان هەڵهێناوە*.

هەر لە منداڵیدا وریا و زیرەک بووە, لە تەمەنی 8 ساڵیدا لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و هەر لەو کاتانەدا هۆنراوەی باشی هەڵبەستووە. لەبەر ئەوەی دەنگیشی خۆش بووە, هۆنراوەکانی خۆی بەدەم هەواو و ئاهەنگی تەنبوورەوە خوێندووەتەوە. بەو شێوەیە خەڵک لە دوور واتە شوێنەکانی ترەوە هاتوون و گوێیان بۆ هۆنراوەکانی شل کردووە.

* سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی- 1.

- ئەو سەرچاوانەی "سدیق بۆرەکەیی" سوودی لێیان وەرگرتووە بریتین لە:

1- مشاهير اهل حق.
2- سەرئەنجام (دەستنووس).
3- دەورەی پردیوەر (دەستنووس).
4- کورتەی نامەی سەرئەنجام (دەستنووس).
5- دەورەی پیرعالی (دەستنووس).
6- یادداشتی کاکەردایی (دەستنووس).